OCHA

# عێراق: بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ موسڵ

ڕاپۆرتی بارودۆخ ژمارە. 15 (2ی کانوونی دووەم– 8ی کانوونی دووەمی 2017)

ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن نووسینگەی هەماهەنگی کاروباری مرۆیی لە عێراق بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوکارانی کاروباری مرۆیی ئامادە کراوە. لەبەر گۆڕانی بارودۆخەکە بە هەرەمەکی، ئەگەری هەیە کە ژمارەکان و شوێنەکان کە بە لیستێك لەم ڕاپۆرتە دانراون گۆڕانکاریان بەسەردابێت. ڕاپۆرتی داهاتوو لە دەوروبەری ١٦ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧ بڵاودەبێتەوە.

## هەواڵە سەرەکیەکان




Map Sources: OCHA, CCCM, IOM DTM, Clusters
The boundaries and names shown and the designations used on this map do not imply official endorsement or acceptance by the United Nations. Map created on 9 January, 2017

- 135,500 کەس لە ئێستادا ئاوارەبوون بەهۆی دەرئەنجامی ململانێ لە ناو شاری موسڵ لە وەتەی ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦، نزیکەی 10,000 کەس لە هەفتەی ڕابردوو زیادی کردووە. هەندێك لە 15,700 پەنابەر و بە سەدان و هەزاران هاووڵاتی زیان پێگەیشتوو لەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەێندرێت داوای هاوکاری مرۆیی دەکەن.
- ژمارەی بریندارانی ڕاتەکانی دەروونی لەو پەڕی بەرزی دادەمێننەوە بە تایبەتی لە نزیك ناوچەکانی بەرەی شەڕ. لە هەفتەی ڕابردوودا، 683 کەس لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ بۆ نەخۆشخانەکانی هەولێر و دهۆك ڕەوانە کرابوون. لە هەفتەی پێشوودا، هەندێك لە ٨١٧ حالەتی ڕاتەکانی دەروونی پێویستیان بە ڕەوانەکردن بوو بۆ نەخۆشخانەکان، لەگەڵ زۆربەی ئەو بریندارانە لە دوای چڕبوونەوەی شەڕەکە لە کۆتایی مانگی کانوونی یەکەم بریندارابوون.
- لە ڕۆژی ٨ی کانوونی دووەم، ڕێکخراوێکی ناحکومی نەخۆشخانەیەکی مەیدانی ٥٠ قەرەوێڵەیی لە بەرتلە کردۆتەوە، بۆ دابین کردنی جیاکردنەوەی بریندارن و نەشتەرگەری و چاودێری ئاستی دوو. ئەم نەخۆشخانەیە بریتی یە لە نزیکترین نەخۆشخانە لە ناوچەکانی بەرەی شەڕ و ئەو فشارەی کە لەسەر نەخۆشخانەکانی فریاکەوتنی هەولێرن کەم دەکاتەوە.
- لەم هەفتەیە دابەشکردنەکان لەلایەن هاوکارانی کاروباری مرۆیی لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ گەیشتۆتە 50,000 کەس بە پێدانی خۆراکی ئامادەکراو بۆ خواردن، ئاو و کەل و پەلەکانی پاك و خاوێنی.

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 7,700<br>شوێن لەبەردەستدان بۆ تازە گەیشتوان بۆ ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان | 112,000<br>کەس لە ئێستادا ئاوارەبوون بۆ ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان | 299,000<br>ڕاوێژکردنی پزیشکی دابین کراون (لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم) | 136,000<br>کەس لە ئێستادا ئاوارەبوون بەهۆی شەڕکردن لە ناو شاری موسڵ (لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم) | 419,000<br>کەس خۆراکیان وەرگرتووە کە بۆ ماوەی یەك مانگ بەش دەکات (لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم) | 475,000<br>کەس پاکێجەکانی بەهاناوەچوونی تەنگەتاوی خۆراك و ئاو و کەل و پەلەکانی پاك و خاوێنیان وەرگرتووە (لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم) |

## تێڕوانینێکی گشتی بۆ بارودۆخەکە

لە ڕۆژی ٢٩ی کانوونی یەکەم، ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان لە ناو شاری موسڵ چڕبوونەتەوە، لە ماوەی پێنج ڕۆژ، زیادبوونێك هەیە لە ژمارەی ئاوارە تازەکان لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ. لە ڕۆژی ٢ی کانوونی دووەم، هەندێك لە 4,000 کەس لە ماوەی یەك ڕۆژدا لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ ئاوارەبوون؛ یەکێکە لە گەورەترین جولانەوەکانی ڕۆژانەی خەڵك لەوەتەی دەستپێکی قەیرانەکە. لەوەتەی ٣ی کانوونی دووەم، ژمارەکانی ئاوارەبوون گەڕاونەتەوە بۆ ئەو تێکڕای نزیکەی ١٠٠٠ کەسی ڕۆژانە. ئاوارە تازەکان بە شێوەیەکی زۆر دەجولێن بەرەو باشور و ڕۆژهەڵات، لەو شوێنەی کە خێوەتگەکان لەلایەن حکومەت و هاوکارانی مرۆییەوە بەڕێوەدەبردرێن و تازە گەیشتوان وەردەگرن و هاوکاری مرۆیی زیاتریش دابین دەکەن.هەروەها خەڵکی لەگەڵ برادەرانیان و ئەندامانی خێزان بە دوای پەناگە دەگەڕێن لە گەرەکەکانی دوورتری ڕۆژهەڵاتی ناوچەکانی بەرەی شەڕ، وەکو گۆگجەلی.

لە ناوچەکانی دوورتر لە ڕۆژهەڵاتی بەرەکانی شەڕ، گۆڕانکاری بەرچاو هاتوونەتە کایەوە لە ماوەی سێ هەفتەی ڕابردوودا، لەگەڵ ئەوەی ئێستاکە بازاڕەکان زیاتر چالاکن و باشتر شت و مەکیان تێدایە. لەو کاتەی کە زیانێکی بەرچاو بە باڵەخانەکان کەوتووە بەهۆی ململانێکەی ئەم دواییە، زۆربەی ئەو کەسانەی کە ئێستا لە سەر شەقامەکان ئامادەییان هەیە، لەگەڵ هەبوونی هەستێکی ئاسایی بوونەوە دەست بە گەڕانەوە دەکەن. ئۆتۆمبێلەکان لە هەندێك ناوچە بە ئازادی هاتووچۆ دەکەن. بە گوێرەی شارەزایانی تەقەمەنی، باوەڕوایە کە هەڕەشەی تەقەمەنی نەتەقێندراو و پاشماوەکانی تەقەمەنی جەنگ لەو ناوچانە لە ئاستی نزمدان، بێجگەلە ئەگەری هەبوونی تەقەمەنی لە دەوروبەری ژێرخانە سەرەکیەکانی وەك وەیستگەکانی چارەسەری ئاو و پەمپەکان.

هیچ دەستگەیشتنێکی مرۆیی نیە بۆ ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی داعش لە ڕۆژئاوای شاری موسڵ، هەروەها زیادبوونی نیگەرانیە مرۆییەکان بۆ لەش ساغی هاووڵاتیان لەم ناوچانە هەیە. بۆ زیاتر لە دوو مانگ دەبێت، زۆربەی ڕێگا گەورەکانی بازرگانی کە دەچن بۆ ناو بەشی ڕۆژئاوای شارەکە بە شێوەیەکی سەرەکی داخراون، هەروەك هێزە عێراقیەکان پێشڕەویان کردووە بەرەو ڕۆژئاوا و ڕێگا گەورەکانیان پچڕاندووە کە بەرەو سوریا و ئەو ناوچانەی کە کۆنترۆڵکراونەتەوە لە نزیك شارۆچکەی تەلعەفەر کە لە دەستی داعش دایە، نزیکەی ٦٠ کیلۆمەتر بە دووری لە شاری موسڵ. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە وەك بارودۆخێکی گەمارۆدانی لێبێت کە تیایدا بە شێوەیەکی بەرچاو کەل و پەلی کەمتر لە ڕۆژئاوای موسڵ بەرجەستەن. کاریگەریەکەی ئەمەش لەسەر هاووڵاتیان زۆر بە باشی تێگەیشتنێکی لەبارەیەوە نیە، بەڵام ڕاپۆرتە چیرۆکیەکان لەلایەن ئەو کەسانەی کە ڕایانکردووە بۆ ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ و خێوەتگەکانی دەرەوەی شارەکە ئاماژە بەوە دەکەن کە بارودۆخەکانی ژیان بۆ هەندێك لەو کەسانە ڕێگە دەگرێ و زۆر گرانە، لەگەڵ زۆربەی کەل و پەلەکانی ناوماڵ بە کەمی بە دەست دەکەون. خەڵکی ڕاپۆرتیان کردووە کە نە شەکر و نە چایان هەبووە بۆ ماوەی مانگێك یان دووان بەهۆی نرخەوە. نانەواکان لە زۆربەی ناوچەکان دەستیان بەکار نەکردووە و هاووڵاتیان ڕێگەیان پێنەدراوە مۆلیدەکان بەکاربهێنن، هەتاکو ئەگەر سووتەمەنیشیان هەبێت بۆ پێکردنی مۆلیدەکان. لەگەڵ تەنها هەندێك بەشی ڕۆژئاوای موسڵ کارەبایان پێدەدرێت، سەرچاوەکانی سووتەمەنی لەلایەن داعش دووبارە ئاڕاستەکراون بۆ مەبەستی بەکارهێنانی سەربازی، و لەگەڵ بەرزبوونەوەی تێچووەکانی سووتەمەنی، ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵك دووچاری ئەستەمی دەبنەوە لە گەرم کردنەوەی ماڵەکانیان. بە گوێرەی ڕاپۆرتی چیرۆکی لەلایەن خەڵکەوە، هەندێك کەس دەستیان کردووە بە بڕین و سووتاندنی ئەساسی ناوماڵی خۆیان بۆ گەرم کردنەوەی خێزانەکانی خۆیان.

ڕێژەی ژمارەی قوربانیان لە دەوروبەری بەرەکانی شەڕ بە بەرزی دەمێنێتەوە. هەروەها 683 حالەتی بریندارانی ڕاتەکانی دەروونی لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ هەبوون کە پێویستیان بە ڕەوانەکردن بوو بۆ نەخۆشخانە چ لە هەولێر بێت یان لە دهۆك لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە دەرکەوت ، بە شێوەیەکی سەرەکی وەك دەرەنجامێك بەهۆی برینەکانی تەقەکردن و تەقەکردنی ناڕاستەوخۆ. دابینکارانی چاودێری تەندروستی پلانەکانیان هەیە لەو شوێنە بۆ زیادکردنی توانای چاودێری تەندروستی ئاستی دوو و هاوکاری کردنی باڵەخانەکانی تەندروستی سەرەتایی ئێستا، بەڵام بۆشاییە بەرچاوەکان لە سەقامگیرکردنی ڕاتەکانی دەروونی دەمێننەوە. لە ئێستادا چوار خاڵی سەقامگیرکردنی ڕاتەکانی دەروونی هەیە کە چاودێری ڕاتەکانی دەروونی و خزمەتگوزاریەکانی ڕەوانەکردنی نەخۆش دابین دەکەن لە نزیك ناوچەکانی بەرەی شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ. لە ڕۆژی ٨ی کانوونی دووەم، ڕێکخراوێکی ناحکومی نەخۆشخانەیەکی مەیدانی ٥٠ قەرەوێڵەیی لە بەرتلە کردەوە، ٢١ کیلۆمەتربە دووری لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ، کە ئەمەش دەبێتە نزیکترین نەخۆشخانەی مەیدانی بۆ ناوچەکانی بەرەی شەڕی شاری موسڵ.

هاوکارانی کاروباری مرۆیی پاکێجەکانی هاوکاری فرە کەرتیان گەیاندووە کە تیایدا لەوانە پارچەکانی خۆراکی ئامادەکراو بۆ خواردن بۆ ماوەی یەك هەفتە، کۆمەکیەکانی ئاو، کێکە زۆر ووزە بەخشەکان بۆ منداڵان، و کەل و پەلەکانی خاوێن کردنەوە، بۆ 16,800 کەس لە گەڕەکی بەکر، هەندێك لە 9,000 کەس لە گەڕەکی قادسیەدوو، و 24,000 کەس لە گەڕەکی قودسی ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ. هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکان کاروانێکی دەستگەیشتنی مرۆیی و هەڵسەنگاندنی ئەمن و ئاسایش بۆ گەڕەکەکانی قاهیرە، قادسیە و زوهوری ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ ئەنجام داوە بۆ بڕیاردان لە شێوازەکان بۆ دابەشکردنی هاوکاری زیاتر لەو ناوچانە.

لە نێوان ١١- ٢٨ی کانوونی یەکەم، وەزارەتی بازرگانی کەل و پەلەکانی خۆراکی دابەشکردووە لە ڕێگەی سیستەمی دابەشکردنی گشتی بۆ ئاوارەکان و هاووڵاتیان لەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەیێندرێت، لەوانە زیاتر لە 1,700 کارتۆنی ڕوونی چێشتلێنان، 5,500 کیس شەکر، 1,300 کیسی برنج، و 6,600 کیسی ئارد. لە ڕۆژی ٢٩ی کانوونی یەکەم، وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران خۆراك و کەل و پەلەکانی کۆمەکی فریاگوزاری لە ناو خێوەتگەکانی ئاوارەکان و لەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێنگەیێندرێت دابەش کردووە، لەوانە 2,160 پارچەی خۆراك، 256 پارچەی خۆراکی ئامادەکراو بۆ خواردن، 1,160 گالۆن، 1,160 دەستەی کەل و پەلی چێشتخانە، 1,160 گەرمکەرەوەی نەوتی، و 256 فەرش.

## پاڵپشتی کردنی دارایی

هەروەك لە ٨ی کانوونی دووەم، بڕی بەشداری کردنەکان بۆ بانگەشەی بەپەلەی موسڵ گەیشتۆتە $273 ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی، کە نزیکەی لە سەدا 96ی بڕی پێویست دەنوێنێت. لەگەڵ هاتنی بەشداریکردنەکانی بەخشین، هاوکاران بەردەوامن لە خێراکردنی هەوڵەکانی ئامادەکاری بۆ زیادکردنی توانای خێوەتگە و دابین کردنی هاوکاری وەرزی زستانە و بۆ ئەنجامدانی چالاکیە سەرەتاییەکانی بەهاناوەچوونی مرۆیی. پلانی بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ ساڵی ٢٠١٦ بۆ هەموو عێراق تەنها 84 لەسەدای وەرگیراوە لەو $861 ملیۆن دۆلاری ئەمەریکیەی کە پێویستە بۆ دابین کردنی هاوکاری ڕزگارکردنی ژیان بۆ 7.3 ملیۆن کەسی عێراقی زیان پێگەیشتوو.

# بەهاناوەچوونی مرۆیی

## میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە

**214,843**
کەس هاوکاری کراون بە پێدانی پێداویستیەکانی میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە (لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم)

پێویستیەکان:

- خێزانە ئاوارەکان لەو ناوچانەی کە تازە ئازادکراونەتەوە یان لە ڕێگادان بۆ ناو خێوەتگەکانی ئاوارەبوون و شوێنە تەنگەتاویەکان پێویستیان بە دەستگەیشتنی بەپەلەیە بۆ هاوکاری سەرەکی و خزمەتگوزاریەکان.

بەهاناوەچوون:

- لەماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، هاوکارانی کاروباری میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە 5,565 پێداویستیەکانی تەنگەتاویان دابەشکردووە بەسەر 4,289 خێزان کە سوود بە 24,223 ئاوارە دەگەێنێت، لەوانە 12,838 منداڵ. زۆربەی پێداویستیەکان دابەشکرابوون بەسەر ئەو خێزانە ئاوارانەی کە دەگەنە خێوەتگەکانی گەیارە و جەدعە (13,768 کەس)، خێوەتگەی خازر(7,428 کەس) و خێوەتگەی نەرگیزلە و خێوەتگەی قەیماوە ( 2,757 کەس) و خێوەتگەی دیبەگە (277 کەس) و شوێنە تەنگەتاویەکان.
- لەو کاتەی دەستپێکی ئۆپەڕاسیۆنی موسڵ لە ١٧ی تشرینی یەکەم، هاوکارانی کاروباری میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە پێداویستیەکانی تەنگەتاویان بۆ 214,843 کەس (لەوانە 113,867 منداڵ) دابەشکردووە، لەو ژمارەیە 23,177 کەس هاوکاری کراون لەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەێندرێت لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ.
- پێداویستیەکانی میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە پێك دێن لە ١٢ کیلۆگرامی پارچەی خۆراکی بەهاناوەچوونی بەپەلە، پێداویستیەکی پاك و خاوێنی کە بەشی یەك خێزان دەکات بۆ ماوەی یەك هەفتە، ١٢ لیتر لە ئاوی خواردنەوەی لە بوتڵکراو و هەڵگرێکی ئاو. لەو شوێنەی کە دەکرێت، هەروەها ئەو پێداویستیانە تیایدا لەوانە پێداویستیەکی ئافرەتان.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- لە ماوەی هەفتەی ڕابردوودا، هاوکارانی کاروباری میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە دووچاری بەرەنگاریەکان بوونەتەوە لەوکاتەی کە پەڕیونەتەوە لە خاڵەکانی پشکنین لە مەخمور.

## هەماهەنگی و بەڕیوەبردنی خێوەتگە

**7,774**
شوێن لەبەردەستدان بۆ تازە گەیشتوان بۆ ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان

پێویستیەکان:

- زیاتر لە 112,000 ئاوارە لە ئێستادا لە ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان نیشتەجێکراون، لەگەڵ ئەو ئاوارانەی کە ماونەتەوە لە ناو کۆمەڵگا خانەخوییەکان و شوێنە نافەرمیەکان نیشتەجێ دەبن.
- خێوەتگەکانی حەسەن شام و خازر لە ئێستادا پڕبوونەتەوە و کۆی گشتی توانای نیشتەجێکردنی خێزانە ئاوارەکان لەو ناوچانە زۆر سنوردارە. فراوانکردنی هەندێك لەو خێوەتگایانە لە ئێستادا لە ڕێگادان. هەروەها خێوەتگەی جەدعەش گەیشتوتە توانای کاتی خۆی کە بۆی دانراوە، بەڵام فراوانکردنێکی زیاتریش پەرەی پێدراوە. شوێنی تەنگەتاوی بنکەی ئاسمانی گەیارەش بە شێوەیەکی کاتی پڕبۆتەوە، لەگەڵ زیاتر لە 2,300 خێزان لە شوێنەکە ژیان دەگوزەرێنن، لەو کاتەی بنیاتنان بۆ زیادکردنی توانای خۆی بەردەوامە. هەندێك بەشی خێوەتگەی حاج عەلیش تەواوکراون لەگەڵ پەرەپێدانی تەواوی خۆی کە پێشبینی دەکرێت لە ماوەی ئەم مانگە. هاوشێوەی ئەوەش، خێوەتگەی نەرگیزلە ٢ پێشبینی دەکرێت کە ئامادە بێت لە کۆتایی مانگی کانوونی دووەم.

بەهاناوەچوون:

- هاوکارانی کاروباری هەماهەنگی و بەڕیوەبردنی خێوەتگە بەردەوامن لە هاوکاری کردنی ئامادەکردنی شوێنە تەنگەتاویەکان بۆ دڵنیابوون لەوەی کە گروپەکانی پەناگە و ئاو و خاوێن کردنەوە و پاك و خاوێنی و کەل و پەل و تەندروستی و ئاسایشی خۆراك و پاراستن و پەروەردە دەتوانن هاوکاری و خزمەتگوزاریەکان دابین بکەن. خێوەتگەی چەمەکۆر بە کۆتا هێندراوە و ئێستاکە کراوەتەوە بۆ وەرگرتنی ئاوارەکان.
- گروپی هەماهەنگی و بەڕیوەبردنی خێوەتگە بەردەوامە لە بانگەشە کردنی هەردوو لایەنی هاوکارانی کاروباری مرۆیی و دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە سەرەکیەکان کە لە ناو شوێنە تەنگەتاویەکان و خێوەتگەکان دەستنیشان کراون کە لە ئێستادا ئاوارەکان وەردەگرن. هاوکارانی هەماهەنگی و بەڕیوەبردنی خێوەتگە دەستیان بە مەشقێکی شیکاری چڕی شوێنەکە کردووە بۆ نەخشەدانانی ئێستای بارودۆخەکان لەسەرانسەری هەموو خێوەتگە چالاکەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- لە دامەزراوە خێوەتگەییەکان، دامەزراندنی ژمارەیەکی تەواوی خزمەتگوزاریەکانی هاوکاری سەرەکی ناتوانێت لەسەر ئەو خێراییە بمێنێتەوە لەگەڵ ئامادەکردنی شوێنەکانی ڕەشماڵ کە پێویستن، بە تایبەتی لەو ناوچانەی کە دەکەونە باشوری شاری موسڵ.

- بۆ دروستکردنی توانای زیاتر، گروپەکە و هاوکارانی خۆی جەختدەکەنەوە لەسەر تەواوکردنی خێوەتگەی حاج عەلی و فراوانکردنی خێوەتگەی جەدعە.

## پەناگە و کەل و پەلە ناخۆراکیەکان

- خەڵکی لە ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگەکان پێویستیان بە کەل و پەلە ناخۆراکیەکان و پەناگەی پارێزراوە. تیایدا لەوانە ئەو خێزانە ئاوارانەی کە لە پەناگەی کاتیدا نیشتەجێن، ئەو کەسانەی تریش کە لەگەڵ خێزانە خانەخۆییەکان دەمێننەوە و کەسانی تری زیان پێگەیشتوو لە ماڵەکانی خۆیاندا دەمێننەوە.
- بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ بارودۆخەکانی وەرزی زستان، پەناگەی پارێزراو، گەرمکەرەوە و سووتەمەنی، جل و بەرگی گەرم و بەتانیەکان بریتین لە پێویستیە لەپێشینەکان. پێداویستیەکانی کەل و پەلی ناخۆراکی لە ناو خێوەتگەکان دابەشکراون و بۆ خێزانە زیان پێگەیشتووەکانی دەرەوەی خێوەتگەش دابەشکراون. کەل و پەلەکانی تەواوکاری وەرزی وەك پێڵاوەکان، مافورەکان، بەتانیەکانی تەواوکاری و لێفەکان، سۆپاکان و گەرمکەرەوەکان، ئەوانیش دابین کراون.
- لە هەفتەکانی ئەم دواییەدا، چالاکیەکانی گروپ بە شێوەیەکی سەرەکی جەختیان کردووەتەوە لەسەر دابین کردنی کەل و پەلە ناخۆراکیەکان و ماددەکانی پەناگەی نیشتەجێبوون لە ناو خێوەتگەکانی حەسەن شام و قەیماوە و بنکەی ئاسمانی گەیارە و نەرگیزلە و حاج عەلی و شوێنە تەنگەتاویەکان.

## ئەمن و ئاسایشی خۆراك

> **418,611**
> کەس هاوکاری کراون بە وەرگرتنی پارچەکانی خۆراکی ٣٠ ڕۆژە لەوەتەی ١٧ تشرینی یەکەم

پێویستیەکان:

- خێزانە ئاوارەکان، خەڵکانی زیان پێگەیشتوو لەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەێندرێت، پێویستیان بە خۆراکی ئامادەکراوە بۆ خواردن، دوابەدوای پێدانی پارچەی خۆراکی وشك. بۆ ئاوارەکان ئەم هاوکاریە دابین کراوە لە کاتی گەیشتنیان بە شوێنەکانی پشکنینی ئاوارەکان و خێوەتگەکان.
- لەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەێندرێت، خێزانەکان ڕاپۆرت دەکەن لەبارەی دەرفەتەکانی دامەزراندنی سنوردار و بەرزبوونەوەی نرخەکانی خۆراك کە بریتین لە نیگەرانیە سەرەکیەکانیان. ئەو خەڵکانە زۆرجار دەستیان ناگات بە سیستەمی دابەشکردنی خۆراکی گشتی.

بەهاناوەچوون:

- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، هاوکارانی گروپ پارچەکانی خۆراکی وشکیان دابەش کردووە بۆ 6,559 خێزان کە دەکاتە (32,710 کەس)، لە ناو خێوەتگەکانی (خازرو جەدعە و حەسەن شام). هەروەها 2,235 کەس پارچەکانی خۆراکی وشکیان وەرگرتووە لە ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگە لە شوێنەکانی ئەل حەوێج، بێگوانیە، سایە، کۆبات، ئەل سام، هۆمەد شەرقی، ئوم ئەل مەنیس و تەل ئەل شوك. هەروەها 8,015 کەسی تریش هاوکاری کرابوون لە گەڕەکەکانی ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ لە شیشان و حی ٩٠ و کەرکوکلی و ئەل بەکر.
- هاوکارانی گروپ 250 پارچەی خۆراکی ئامادەکراوی خواردنیان دابەشکردووە بەسەر ئەو کەسانەی کە زیانیان پێگەیشتووە لە دوانێم.
- هاوکارانی گروپ ژمەە گەرمەکانیان دابەشکردووە بەسەر 6,092 ئاوارە لە خێوەتگەکانی خازر و نەرگیزلە ١.
- خەڵکی لەگەڵ مەڕوماڵات ڕێگەیان پێنەدراوە بپەڕنەوە بۆ ناو ناوچە کۆنترۆڵکراوەکانی کوردستان لە پارێزگای نەینەوا و هەندێك خەڵك نایانەوێت بگوازرێنەوە بۆ خێوەتگەکان بەبێ ماڵ و موڵکیان. لەو کاتەی هاوکاری خۆراکی ڕزگارکردنی ژیان دابین کراوە، هاوکاری ژیان و گوزەران (ئالیك و خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی ئاژەڵ) بریتی یە لە نیگەرانیەك. گروپەکە بەرنامەکانی ژیان و گوزەران لە ئەستۆ دەگرێت، لەوانە خشتەکانی پارەی کاش بۆ ئیش و کاری کشتوکاڵی و دەستپێشخەریەکانی مەڕوماڵاتی تەنگەتاوی، بۆ هاوکاری کردنی ئەو کەسانەی کە زیانیان پێگەیشتووە.
- وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران 2,000 پارچەی خۆراکی وشك و 6,000 پارچەکانی خۆراکی ئامادەکراو بۆ خواردنی لە گەڕەکەکانی ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ دابەشکردووە لە ئەل قودس، قادسیە ٢، و ئەل میثاق. هەروەها 100 پارچەی خۆراکی وشکی لە خێوەتگەی خازر دابەشکردووە.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- هاوکاری کردن بە مەڕوماڵاتی سنوردار یان خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی ئاژەڵ بەرجەستەن لە ناو هەندێك لەو ناوچانەی کە تازە ئازادکراونەتەوە، بەمەش دەبێتە هۆی مرداربوونەوەی ژمارەیەکی زیاتری ئاژەڵان. هەروەها کەمبوونەوەی قەبارەی ڕەوەی ئاژەڵانیش سەر هەڵدەدات بەهۆی نەبوونی ئالیك، و خاکی لەوەڕاندن.

## تەندروستی

**299,244**

کەس ڕاوێژکردنی تەندروستیان وەرگرتووە لەوەتەی١٧ی تشرینی یەکەم

پێویستیەکان:

- پێویستە خاڵەکانی سەقامگیرکردنی ڕاتەکانی دەروونی و نەخۆشخانە مەیدانەکان لە نزیك شاری موسڵ دابمەزرێن بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی ئاستی دوو لەوانە (جیاکردنەوەی بریندااران، بەڕێوەبردنی ڕاتەکانی دەروونی و نەشتەرگەری).
- پێویستیەك هەیە بۆ ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنی زیاتر بۆ ڕەوانەکردنی حالەتە خراپەکان لە بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ بۆ نەخۆشخانەکانی ئاستی دوو.

بەهاناوەچوون:

- هاوکارانی تەندروستی ڕاپۆرتیان کردووە بۆ کۆی گشتی 21,937 ڕاوێژکردن لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە. لەو ژمارەیە، 4,141 ڕاوێژکردن بۆ منداڵانی خوار تەمەنی ٥ ساڵی ئەنجام درابوون.
- لەم هەفتەیە، 683 کەس لە شاری موسڵەوە ڕەوانەکرابوون بۆ نەخۆشخانەکان لە هەولێر و دهۆك بەهۆی برینەکان و حاڵەتەکانی تری فریاکەوتنی پزیشکی.
- 3,425ڕاوێژکردنی چاودێری تەندروستی ئافرەتان ڕاپۆرت کرابوون لەگەڵ 269 حالەت ڕەوانەکرابوون بەهۆی ئاڵۆزیەکان لە ماوەی دووگیانی یان منداڵبوون. هەندێك لە ٢٠ ڕاوێژکردن ڕەوانەکرابوون بۆ تەندروستی مێشك و هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی.
- کۆی گشتی 1,318 کوتانی ئیفلیجی و سۆریکە بەڕێوەبردرابوون بۆ منداڵانی خوار تەمەنی ١٥ ساڵی.
- خاڵەکانی سەقامگیرکردنی ڕاتەکانی دەروونی لە ئێستادا دەستیان بەکار کردووە لە گۆگجەلی و ئەل سەماح و ئەل زەهرا و ئینتسار و نەخۆشخانەکەی ناو حەمدانیە. حەمام عەلیلیش بریتی یە لە شوێنێك کە لە ئێستادا لەبەرچاو گیراوە بۆ خاڵی زیاتری سەقامگیرکردنی ڕاتەکانی دەروونی.
- نەخۆشخانەیەکی مەیدانی ٥٠ قەرەوێڵەیی لە بەرتلە کرایەوە لە ڕۆژی ٨ی کانوونی دووەم بۆ دابین کردنی چاودێری تەندروستی ئاستی دوو.
- لە نێوان ٢-٤ی کانوونی دووەم، پێنج پێداویستی نەشتەرگەری و چوار پێداویستی ڕاتەکانی دەروونی گەێندرابوون بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر (١ پێداویستی نەشتەرگەری)، نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوای هەولێر (١ پێداویستی نەشتەرگەری)، خاڵی سەقامگیرکردنی ڕاتەکانی دەروونی ئەل سەماح (١ پێداویستی نەشتەرگەری)، و نەخۆشخانە مەیدانیە تازەکەش لە بەرتلە (٤ پێداویستی ڕاتەکانی دەروونی و ٢ پێداویستی نەشتەرگەری). هەروەها هاوکاری زیاتر بۆ نەخۆشخانە مەیدانیەکە لە بەرتلە تیایدا لەوانە کەرەڤانێکی بانقی خوێن، مۆلیدەیەك و سەلاجەیکی تاقیگە، و فۆرمەکانی ڕەوانەکردن و ڕاپۆرت کردن.
- یەك نۆرینگەی پزیشکی گەڕۆکی تر ڕادەستی بەشی تەندروستی نەینەوا کرابوو، بەمەش کۆی نۆرینگە گەڕۆکەکان دەگاتە پێنج نۆرینگە بۆ قەزای گەیارە. ئەم نۆرینگە گەڕۆکە دانراوە بۆ لەخۆگرتنی دابین کردنی خزمەتگوزاری تەندروستی لە قەزای گەیارە لەو ناوچانەی کە لە ئێستادا هیچ خزمەتگوزاریەکیان نیە. ئەو نۆرینگە گەڕۆکانە دابین کرابوون لەگەڵ 10 پێداویستی تەندروستی سەرەکی تەنگەتاوی، کە بەشی تەواو دەکات بۆ هاوکاری کردنی 10,000 کەس بە پێدانی کۆمەکیە پزیشکیەکان.
- پێنج یەکەی پێداویستی تەندروستی تەنگەتاوی فرە ئاژانس گەێندرابوون بۆ سەنتەری چاودێری تەندروستی سەرەتایی ئەل قادسیە لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ.
- بەخشینێکی ١٥ بارهەڵگر لە دەرمانەکان دراوەتە نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق لەلایەن جەنابیان فڕانسوا هۆلاند سەرۆکی فەڕەنسا. کۆمەکیەکان وەرگیرابوون لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بەناوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- پزیشك و پەرستارانی کە شارەزاییان هەیە لە چارەسەرکردنی ڕاتەکانی دەروونی پێویستن بۆ هاوکاری کردنی ژمارەیەکی گەلێك زۆری حاڵەتەکانی ڕاتەکانی دەروونی لە خاڵەکانی سەقامگیرکردنی ڕاتەکانی دەروونی و نەخۆشخانە مەیدانیەکان.

## ئاو و خاوێنکردنەوەی ئاوەڕۆکان و پاك و خاوێنی

**558,726**

کەس لە ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگە هاوکاری و خزمەتگوزاریەکانی ئاو و تەوالێت و حەمام وەردەگرن

پێویستیەکان:

- پێویستیەك هەیە بۆ دابین کردنی خزمەتگوزاری ئاو و تەوالێت و حەمام لە ئێستادا لە ژێر گفتوگۆدان بۆ خێوەتگە تازە پێشنیازکراوەکان لە بەرتلە، سەلامیە و حەمام عەلیل.
- خێوەتگەی بەرتلە لە بەرەوپێشچوون دایە، بەڵام پێویستیەکانی ئاو و تەوالێت و حەمام دەمێننەوە تاکو پشتراست دەکرێنەوە لەلایەن پارێزگای نەینەوا.

بەهاناوەچوون:

- 117,909ئاوارە کە دەکاتە (19,651خێزان) خزمەتگوزاریەکانی ئاو و تەوالێت و حەمام لە ناو خێوەتگەکان و شوێنەکانی کاتی گواستنەوەی ئاوارەکان وەردەگرن.

- تانکەری ئاو لە ناو شاری موسڵ فراوانکراوە بۆ ٣٣ گەڕەك، لەگەڵ ٥٠ تانکی ئاو بە توانای ٥ مەتر سێجا بۆ هەر یەکەیان کە ئاوی خواردنەوە دابین دەکات تاکو خەڵکی دەستیان پێبگات.
- بنیاتنانی خێوەتگە بەردەوامە. تاکوئێست 30,517 شوێنی ئامادەکراوی تەوالێت و حەمام ئامادەکراون لەسەرانسەری ١٢ خێوەتگە و شوێنە تەنگەتاویەکان و 423 شوێنی تەوالێت و حەمام لە شوێنە کاتیەکانی گواستنەوەی ئاوارەکان بۆ ئەگەری خزمەتکردنی 185,640 ئاوارە. ئەمەش تیایدا لەوانە ٥٤ خێزان کە لە ناو خێوەتگەی حاج عەلی نیشتەجێکراون لە ماوەی ئەم هەفتەیە.
- هاوکاری ئاو و تەوالێت و حەمامی تەنگەتاوی بۆ درێژکراوەی خێوەتگەی جەدعە لە ئێستادا دابین کراوە و خێراتر دەکرێت لە ڕۆژەکانی داهاتوودا.
- چوونەژوورەوە بۆ گەیاندنی کلۆر بۆ کۆمەڵگا ئازادکراوەکان باشتربووە لە ماوەی هەفتەی ڕابردوو، لەگەڵ گەیاندنەکان ئێستا بەردەوامیان هەیە لە حەمام عەلیل.
- نۆژەنکردنەوەی وویستگەی چارەسەرکردنی ئاوی حاج عەلی پشتڕاتکراوەتەوە و تەندەرەکە ڕاگەێندراوە بۆ چاککردنەوەی تەواوی سیستەمەکە.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- پاڵپشتی کردنی دارایی ماوە درێژی نۆژەنکردنەوەی وویستگەکانی چارەسەری ئاو بەپەلە پێویستە تاکو ڕێگە بە هاوکارانی کاروباری مرۆیی بدات بۆ گەیاندنی ئاوی هەڵگیراوی بەردەوام.
- خێوەتگەی جەدعە نزیکەی ٥٥٠ خێزانی وەرگرتووە لە ماوەی ئەم هەفتەیە، بەڵام لە ئێستادا هیچ خزمەتگوزاریەکی ئاو و تەوالێت و حەمام لە شوێنەکە بەرجەستە نیە. هاوکارانی گروپ دەستیان کردووە بە پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە.
- پشتڕاستکردنەوەی هاوکاری ماوە درێژتری خزمەتگوزاریەکانی ئاو و تەوالێت و حەمام لە خێوەتگەی جەدعە بەپەلە پێویستە. گفتوگۆیەکان بەردەوامیان هەیە لەگەڵ هاوکاران بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشایی توانایە.

## پاراستن

| 132,422 |
| --- |
| کەس هاوکاری پاراستنیان وەرگرتووە لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم |

پێویستیەکان :

- ئاوارەکان لە ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگەکان و هاووڵاتیانی زیان بەرکەوتوو کە ئاوارە نەبوون پێویستیان بە پاراستنە. سەرۆك خێزانە ئافرەتەکان، ئافرەتانی دووگیان، کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، منداڵان و بەساڵاچووان ئەو کەسانەشی کەوا دەزاندرێت پەیوەندیان بە داعشەوە هەبێت لە مەترسیەکی تایبەتیدان و هەموویان زیانیان پێگەیشتووە.
- مادده تەقەمەنیە ژەهراویەکان وەك پاشماوەکانی تەقەمەنی جەنگ و بۆمبەچێندراوەکان بەردەوام دەبنە مەترسیەکی گەورەی مردن و بریندابوونی خەڵکی لە ناو شاری موسڵ و ناوچەکانی دەوروبەری. بەتایبەتی لە دەوروبەری ژێرخانە گەورەکان.
- میکانیزمەکان بۆ کەمکردنەوەی جیاکردنەوەی خێزان لە ماوەی ئاوارەبوونیان و پرۆسەکانی پشکنینی ئاوارەکان پێویستن.
- پێویستیەك هەیە بۆ دڵنیاکردنەوەی کە خێوەتگەکان ڕووناککەرەوەی گونجاویان بۆ دابین کراوە تاکو دڵنیایی بدات لە زیادکردنی سەلامەتی و کەمکردنەوەی مەترسیەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی.

بەهاناوەچوون:

- لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم، 132,422 کەس لەلایەن هاوکارانی پاراستنەوە هاوکاری کراون.
- 20هەڵسەنگاندنی بەپەلەی پاراستن ئەنجام دراون لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم لە دامەزراوەکانی ناو خێوەتگە و لە دەرەوەی خێوەتگە.
- لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم، 5,702 خێزان کە دەکاتە (30,289 کەس) هاوکاری کراون لەلایەن تیمەکانی چاودێری کردنی پاراستن؛ 7,977 کەسی تر هاوکاری کراون بە پێدانی هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی گشتی و 2,532 حالەت لەلایەن تیمە گەڕۆکەکانی پاراستن ڕەوانەکرابوون بۆ هاوکاری کردنی تایبەت.
- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، 1,369 منداڵ کە دەکاتە (707کچ و 662کوڕ) هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتیان وەرگرتووە، و 1,392 منداڵ کە دەکاتە (647 کچ و 745کوڕ) فریاگوزاری سەرەتایی دەروونی و کۆمەڵایەتیان وەرگرتووە. لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم، 17,115 منداڵ کە دەکاتە (7,991 کچ و 9,124 کوڕ) هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتیان وەرگرتووە. 18,360 منداڵی تر کە دەکاتە (9,022کچ و 9, 338کوڕ) فریاگوزاری سەرەتایی دەروونی و کۆمەڵایەتیان وەرگرتووە.
- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، 511 منداڵ کە دەکاتە (231کچ و 280کوڕ) ڕەوانە کراون بۆ کارمەندانی بەڕێوەبردنی حالەت، بەمەش کۆی گشتی دەگاتە 821 منداڵ کە دەکاتە (361 کچ و 460 کوڕ) لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم. ژمارەیەك لە 74 منداڵانی بێ هاوەڵ و جیابۆوە لە خانەوادەیان کە دەکاتە (36 کچ و 38 کوڕ) بەڵگەنامەیان بۆ کراوەتەوە لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە ، بەمەش کۆی ژمارەی ئەو منداڵانە دەگاتە ٢٣٠ منداڵ کە دەکاتە (102 کچ و 128 کوڕ) لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم. کۆی گشتی 109 لە منداڵانی بێ هاوەڵ و جیابۆوە لە خانەوادەیان کە دەکاتە (40 کچ و 69 کوڕ) ڕەوانە کرابوون بۆ خزمەتگوزاریەکانی کۆمەڵایەتی تایبەت لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم.
- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، 309 کەس کە دەکاتە (95 کچ و 95کوڕ و ئافرەت 78 و 41 پیاو) زانیاریان وەرگرتووە لەبارەی کەمکردنەوەی مەترسی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی و ئەو خزمەتگوزاریانەی کە بەرجەستەکراون. هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی یان ڕاوێژکردنی قەیران بۆ 150 کەس دابین کرابووکە دەکاتە ( 140کچ و 10ئافرەت ).

- لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦ هاوکارانی گرووپی مین هەڵگرتنەوە پەروەردەیان بۆ 12,195کەس دابین کردووە لەسەر مەترسی مین و کەمکردنەوەی ئەو مەترسیەی کە هاتۆتە کایەوە بەهۆی ماددە تەقەمەنیە ژەهراویەکان. هەڵسەنگاندنەکەی کاریگەری هەڕەشە لە ناوچەی سوڵتان عبداللە ڕاپۆرت لەم هەفتەیە بەردەوام بوو و دوو هەڵسەنگاندنی تری پاشماوەکانی تەقەمەنی جەنگ لە شارۆچکەی بەرتلە و گەڕەکی زەهرای موسڵ ئەنجام درابوون.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- نەبوونی هاوکاری یاسایی بۆ هەرزەکارە گیراوەکان کە وەك بۆشاییەکی بەرچاو دەستنیشان کراوە.
- دڵنیاکردنەوەی خەسڵەتی مەدەنی هەندێك لە شوێنە دیاریکراوەکانی ئاوارەبوون بریتی یە لە ڕێگریەکی بەردەوام لە ناو خێوەتگەکانی باشوری شاری موسڵ.
- هاوکارانی پاراستن دووچاری بەرەنگاریەکان دەبنەوە لە چەندین خاڵی پشکنین لە ناوچەکانی باشوری شاری موسڵ.
- ژمارەی سنورداری هاوکارانی جێبەجێکاری کاری مین هەڵگرتنەوە دەبێتە ڕێگریەك و پاککردنەوەی ناوچە پیسبووەکان هێواش دەکاتەوە، هەروەك قەبارەی هەڕەشەکانی بۆمبە چێندراوەکان لەو ناوچانەی کە هاووڵاتیانی تێدا نیشتەجێن و ئاڵۆزی زۆربەی بۆمبە چێندراوەکان دەبنە ڕێگر.

## پەروەردە

**12,330**

کوڕ و کچ دەستیان بە خوێندن کردووە لە 25 ژینگەکانی فێربوونی کاتی

پێویستیەکان:

- لە نێوان ئەو کەسانەی کە بەم دواییانە ئاوارەبوون بەهۆی تەنگەتاوی موسڵ، هەندێك لە 47,435 کەس بریتین لە منداڵانی کە تەمەنی قوتابخانەیان هەیە. لەو ژمارەیە، 35,045 منداڵ لە ئێستادا دەستیان ناگات بە هیچ جۆرێکی پەروەردە.
- منداڵان لەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەێندرێت پێویستیان بە پەروەردەیە، بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ خوێندنیان لە قوتابخانە لەدەستداوە یان لە ژێر دەسەڵاتی داعش بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ پەروەردەیان وەرگرتووە.

بەهاناوەچوون:

- لەم هەفتەیە، 960 منداڵ کە دەکاتە (468 کچ و 492 کوڕ) لە منداڵانی ئاوارە دەستیان کردووە بە بەرنامەکانی پەروەردەی نافەرمی لە خێوەتگەکانی خازر و حەسەن شام و جەدعە و قەیماوە.
- کۆی گشتی، 12,330 منداڵی ئاوارە کە دەکاتە (6,037 کچ و 6,353 کوڕ) بەشداری دەکەن لە بەرنامەکانی پەروەردە لە شوێنەکانی فێربوونی کاتی لە خێوەتگەکانی خازر و حەسەن شام و جەدعە و قەیماوە، و لە پۆلە نۆژەنکراوەکان لە شارۆچکەکانی تکریت وعەلەم و گەڕەکی قادسیە لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- هاوکاران دووچاری ئەستەمیەکان بوونەتەوە لە چوونەژوورەوە بۆ ناوچەی گەیارە لە باشوری شاری موسڵ، کە زیان دەگەێنێت بە بەردەوامی چالاکیە پەروەردەییەکان لە ناوچەکەدا.
- لە خێوەتگەی خازر، چەسپکردنی ڕەشماڵەکان بۆ زیادکردنی ژینگەکانی فێربوون دواخراوە بەهۆی هەبوونی بارودۆخەکانی کەش و هەوای خراپ، کە ئەمەش دەستپێکی کردنەوەی پۆلەکانی خوێندن لە ژینگەکانی فێربوونی کاتی دوادەخات.

## کەل و پەلەکان

**601.4 مەترسێجا**

لە شت و مەك و کەل و پەلی ناخۆراکی ڕادەستکراون بە ناوی ١٠ ڕێکخراو لەم هەفتەیە

- شوێنی کۆگای باو کە لەبەردەستدایە:
قەبارەی 22,279 مەتر سێجا بەرجەستەیە، لەو قەبارەیە 10,826 مەتر سێجا کە دەکاتە (٤٩ لەسەدا) لە ئێستادا داگیرکراوە.

بەهاناوەهاتن:

- لە نێوان ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦ و ٨ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧، کۆی گشتی 14,847 مەتر سێجا لە کەل و پەلی ناخۆراکی، کە هاوتایە بە 2,091 تەن مەتر، بە ناوی ٢١ ڕێکخراوی مرۆییەوە ڕادەستکراوە.
- کۆی گشتی شەش گەشتی ئاسمانی بارهەڵگر کە 256 تەن مەتری هەڵگرتبوو لە بەشداریکردنەکانی بەخشینی جۆری میکانیزمی پاراستنی مەدەنی سەر بە یەکێتی ئەوڕوپا (تیایدا لەوانە پەناگە و کەل و پەلە ناخۆراکیەکان و ئاو و خاوێنکەرەوە و پاك و خاوێنی و ئامێری تەندروستی) ئێستا گەیشتۆتە هەولێر، لەگەڵ یەك گەشتی ئاسمانی تر کە هێشتا ماوە بگاتە شوێن.گرووپی کەل و پەل، لەڕێگەی ڕێکخراوی پرۆگرامی خۆراکی جیهانی ئامادەکاری دەکات بۆ پاکانەی گومرگ، پسوولە، کۆگا و ناردنی ئەو کەل و پەلانە بۆ ڕێکخراوە مرۆییەکان لە ڕێگەی گروپە پەیوەندیدارەکانەوە.

- گروپی کەل و پەل ڕێککەوتنەکان بە فەرمی دەکات لەگەڵ دوو لە هاوکارانی ڕێکخراوی ناحکومی بۆ چەسپکردنی سێ یەکەی کۆگای گەڕۆك لە زومار و سێ یەکەی کۆگایی گەڕۆك لە خازر و حەسەن شام، کە 1,600 مەتر دووجا لە کۆگای باو دابین کردن دەکات بۆ کۆمەڵگای مرۆیی.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- هاوکارانی گروپ ڕاپۆرتیان کردووە سەبارەت بەوەی کە تێچووی بەکرێ گرتنی کۆگاکان لە دهۆك بەرزە و پێشبڕکێیەکی گەورە هەیە لە نێوان کۆمەڵگای مرۆیی بۆ بەکارهێنانی ئەو موڵکانە. هەروەها پێویستەکانی زیاتری کۆگا هەیە لە ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگە تەنگەتاویەکانی تازەی نەرگیزلە و قەیماوە.

## پەیوەندیە فریاگوزاریەکان

**ڕۆژانە**
هاوکاری بۆ ڕێکخراوە ناحکومیەکان لەگەڵ ژێرخانی پەیوەندیەکانی مرۆیی

**بەهاناوەچوون:**

- گروپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان ڕادیۆیەکانی VHF و HF لە چوار ئۆتۆمبێلی ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی داناوە بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتی و ئاسایشی کارمەندان لە میانەی بەهاناوەچوونی موسڵ.
- گروپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان بەردەوامە لە دابین کردنی مەشقی تازەکردنەوەی ڕادیۆ بۆ هاوکارانی مرۆیی، بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە کاروانە مەیدانیەکان ئەنجام دەدەن بۆ خێوەتگە تازەکانی ئاوارەکان.
- گروپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان بەیەکەوە لەگەڵ ڕێکخراوی تێلیکۆمس و سانس فرۆنتیرس کار دەکەن بۆ دابین کردنی بەیەکەوەبەستنی ئینتەرنێت و خزمەتگوزاریەکانی پەیوەندی ئاسایش بۆ نووسینگەکانی مێرسی هاندس و ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی کە گەیارە. خزمەتگوزاریەکانی پەیوەندی ڕادیۆ بۆ لە خۆگرتنی خێوەتگەکانی جەدعە و بنکەی ئاسمانی گەیارە و حاج عەلی و شوێنە تەنگەتاویەکان.

**بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:**

- دواکەوتنەکان لە وەرگرتنی ڕەزامەندی فەرمی بۆ چەسپکردنی ئامێری پەیوەندی ئاسایش جێبەجێکردنەکەی هێواش کردۆتەوە.

## هاوکاری کردن بە پارە کاش

**2,400**
کەس هاوکاری کراون بە پێدانی یەك گواستنەوەی پارەی کاشی تەنگەتاوی لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم

پێویستیەکان:

- ئاوارە تازەکان و هاوڵاتیانی زیان پێگەیشتوو لەو ناوچانەی کە تازە ئازادکراونەتەوە کراونەتە ئامانج بۆ یەك گواستنەوەی پارەی کاشی تەنگەتاوی بۆ هاوکاری کردنی دەستگەیشتنیان بە خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان کاتێك بازارەکان دەکرێنەوە و ژینگەی ئەمن و ئاسایش ڕێگەدەدات.
- نرخی گواستنەوەی پارەی کاش لەسەر بنەمای کەمترین نرخی سەلەی سەرفکردن کۆدەکرێتەوە لەلایەن گروپی کارکردنی پارەی کاش، لەگەڵ زانیاریەکان لەلایەن گروپەکان، و لە ئێستادا بڕەکەی دەگاتە 400.00 دۆلاری ئەمەریکی.
- لەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەیێندرێت، خێزانەکان ڕاپۆرت دەکەن لە بارەی دەرفەتەکانی دامەزراندنی سنوردار و بەرزبوونەوەی نرخەکانی خۆراك و بژێوی سەرەکی کە بریتین لە نیگەرانیە سەرەکیەکانیان.

بەهاناوەچوون:

- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، هاوکارانی گروپی کارکردنی پارەی کاش هەڵسەنگاندنەکانی زیانیان ئەنجام دا لە ناو 4,500 سەرۆك خێزان لە ناحیەی گەیارە.
- هاوکارانی گروپی کارکردنی پارەی کاش هەڵسەنگاندنێکی بازاریان لە حەمام عەلیل ئەنجام دا، و دەستیان کرد بە هەڵسەنگاندنێکی بازار لە گۆگجەلی، کە بڕیارە لەم هەفتەیە بە کۆتا بهێندرێت.
- هەوڵەکانی هەماهەنگی بەردەوامیان هەیە بۆ دڵنیاکردنەوەی کە سەرچاوەکان فراوانکراون و دووبارە بوونەوەی گەیاندنی خزمەتگوزاری سەرهەڵنادات.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- هیچ شتێکی بەرچاو نیە تاکو ڕاپۆرتی لە بارەیەوە بکرێت.

## هەماهەنگی و خزمەتگوزاریە باوەکان

بەهاناوەچوون :

- تیمەکانی هەماهەنگی مەیدانی گەڕۆکی لیژنەی هەماهەنگی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی عێراق ڕاپۆرتەکانیان دابین کردووە بۆ کۆمەڵگای مرۆیی بە شێویەکی ڕاستەوخۆ لەسەر جوڵانەوەی دانیشتوان و پێویستیە بەپەلەکانی مرۆیی و پاراستن لە شوینە مەیدانیەکانەوە، لە ماوەی هەفتەی ڕابردوو، ئەو شوێنانە تیایدا لەوانە حەمام عەلیل و بەعشیقە و بەرتلە و کەرملێش و نەمروود و گوێر و بەردەڕەش و ئەلقۆش و گەیارە و شورە و شەرگات. هەوڵەکان بۆ ناونووسکردنی کۆمەڵگاکان دەستیان پێکردووە، بە ئامانجی دانانی نەخشەی پێویستیەکانی ئاوارە گەڕاوەکان و کۆمەڵگا خانەخۆییەکان لە لادێیەکان.

> **ڕۆژانە**
> بەدواداچوونی ئاوارەبوون لە موسڵەوە لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم

- سەنتەری زانیاری ئاوارەکانی عێراق 197 پەیوەندی تەلەفۆنی ئەنجام داوە لە ڕێگەی سەنتەری پەیوەندیکردنەکەیەوە. لەو ژمارەیە، شەش پەیوەندی بۆ هاوکاران ڕەوانە کرابوون بۆ کاری بەدواداچوونیان. زۆربەی پەیوەندیەکان کە پەیوەندیان بە موسڵەوە هەیە بریتین لە نیگەرانیەکانی سەبارەت بە خۆراك و کەل و پەلە ناخۆراکیەکان (سووتەمەنی و بەتانیەکان و جل و بەرگەکان) وچاودێری تەندروستی.
- هەروەك لە ٨ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧، تۆمارکەری بەدواداچوونی ئاوارەبوونی سەر بە ڕێکخراوی کۆچی ڕاپۆرتی کردووە کە 135,528 کەس کە دەکاتە ( 22,980 خێزان) لە ئاوارەییدا ژیان دەگوزەرێنن وەك دەرەنجامێك بەهۆی پێکدادانەکان لە ناوەوە و دەوروبەری شاری موسڵ کە لە ڕۆژی ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦ دەستی پێکردووە.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان :

- هیچ شتێکی بەرچاو نیە تاکو ڕاپۆرتی لە بارەیەوە بکرێت.

## هەماهەنگی کردنی گشتی

تیمێکی ڕاوێژکاری باڵا کە پێك دێن لەوانە حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و کەسایەتی سەربازی و ڕێکخەری مرۆیی بە بەردەوامی کۆدەبنەوە بۆ بەڕێوبردنی کێشە ستراتیجیەکانی مرۆیی. تیمی ڕاوێژکاری باڵا دڵنیایی دەدات لە تەواوی هەماهەنگی لە نێوان هەموو هاوکارانی کاروباری مرۆیی لە بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ موسڵ. خانەیەکی تەنگەتاوی کە پێك دێن لە سەرکردەی گرووپی ئاژانسەکانی کە لە بەهاناوەچوون بۆ موسڵ کاردەکەن و کە لەلایەن ڕێکخەری مرۆیی سەرکردایەتی دەکرێن و هەفتەی سێ جار کۆدەبنەوە بە گوێرەی پێویست. تیمی مرۆیی لە وڵات وەکو پێکهاتە ستراتیجیەکەی هەماهەنگی دەمێنێتەوە لە نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوکارانی ڕێکخراوە ناحکومیەکان بۆ تێروانینی بەهاناوەچوونی مرۆیی لە عێراق. گرووپی هاوبەشی کارکردن، کە پێك دێن لە سەنتەری هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان، وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران و ئۆچا هەفتەی جارێك کۆدەبنەوە بۆ دڵنیابوون لە هەماهەنگی کرداری بۆ بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ موسڵ. ئۆچا سەنتەرێکی ئۆپەراسیۆنی مرۆیی لە هەولێر دامەزراندووە. سەنتەری ئۆپەراسیۆنی مرۆیی هەماهەنگی لە نێوان گرووپەکان و ڕێکخەرانی ناوچەکان و ڕێکخەری مرۆیی بەهێزدەکات. چوارچێوەیەکی هەماهەنگی مرۆیی مەدەنی – سەربازی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاسانکاری دەکات بۆ دەستگەیشتی مرۆیی، پاراستنی هاووڵاتیان و ئەمن و ئاسایشی کارمەندانی فریاگوزاری مرۆیی.

ئەو دیوی قەیرانەکە
توندوتیژی فراوان و ململانێ ی چەکداری لە عێراق لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٤سەری هەڵدا. لە سەرەتادا لەسەر پارێزگای ئەنبار، لەگەڵ شارەکانی ڕومادی و فەللوجە جەختی کردەوە کە بە شێویەکی تایبەت زیانیان پێگەیشت، توندوتیژیەکە و کاریگەریەکەی بە خێرایی تەشەنەی کرد، کە بووە هۆی ئاوارەکردنی زیاتر لە ٥٠٠٠٠٠ کەس لە مانگی ئایار. لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤، داعش، بەیەکەوە لەگەڵ گروپە چەکدارەکان، هێرشیان کرد و کۆنتڕۆڵی دووەم گەورەترین شاری عێراقیان کرد موسڵ، بەشێکی زۆری باکوری عێراق، لەوانە پارێزگاکانی ناوچەکانی دیالە و کەرکوك و نینەوا و سەڵاحەددین. ئەمەش بووە هۆی بەردەوامی ململانێ ی چەکداری، ئاوارەبوونی بەلێشاوی ناوخۆیی، پێشێلکردنەکانی ڕاستەقینە و سیستەماتیکی پاراستنی هاووڵاتیان و مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، پچڕاندنی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان، و کۆت و بەندی خراپ لەسەر کۆمەڵگا خانەخوێکان. وەك دەرەنجامێك، عێراق لە ئێستادا دووچاری یەکێك لە گەورەترین قەیرانە مرۆییەکان دەبێتەوە لە جیهان، لەگەڵ زیاتر لە ١٠ ملیۆن کەس پێویستیان بە هاوکاری مرۆییە. زیاتر لە ٤ ملیۆن عێراقی لە ناوخۆ ئاوارەبوون بەهۆی توندوتیژی لەوەتەی کانوونی دووەمی ٢٠١٤. لەو ژمارەیە، نزیکەی ٣،٣ ملیۆن کەس لە ئێستادا ئاوارەبوون.

بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندی بکەن:
بۆ پرسیاری ڕاگەیاندن، کەریم ئەلکورانی، elkorany@un.org, Tel: +964 790 193 1292
بۆ پرسیاری تر: دامیان ڕانس، rance@un.org
بۆ زانیاری زیاتر، تکایە سەردانی ئەم ماڵپەرە بکەن : www.reliefweb.int
بۆ زیادکردن یان لابردن لە لیستی ئیمەیڵ: http://bit.ly/2dDYK3D